2003\3\31

# نەزار خەزرەجی : لە بەکارهێنانی چەکی کیمیاوییەوە دژی گەلی کورد ، بۆ لێدوان و ووتەی ژەهراوی

***نەزار خەزرەجی : گرنگترین شت بۆ من ئەوەیە کە بتوانم یەکێتی خاکی عێراق بپارێزم***

لە لێدوانێکی نەزار خەزرەجی بۆ ڕۆژنامەی Derspigel ئەڵمانی ، پاش هەڵهاتنی لە دانمارك دەڵێت : من پیاوێکی سەر بە سوپام ، گرنگترین شت بۆ من ئەوەیە کە یەکێتی خاکی عێراق بپارێزم ، وە پاراستنی یەکێتی خاکی عێراق تەنها بە سوپا مسۆگەر دەکرێت ، خەزرەجی لە درێژەی ووتەکانیدا لە گەڵ ڕۆژنامەی Derspigel ئەڵمانی هاتووە ، بە بێ سوپایەکی بە هێز شەڕی نێوان کۆمەڵە ئاینییەکان (شیعە و سوننە) ، ڕوودەدات ، هەروەها شەڕی نێوان کوردەکان لە باکوری عێراق ، وولات ڕووەو گێژاوێکی نادیار دەبات ، ئەو کێشانەش بە ڕای خەزرەجی ، تەنها بە سوپایەکی بە هێز کۆنتڕۆڵ دەکرێت .
دیارە یەکپارچەیی و یەکێتی خاکی عێراق ، زاراوەیەکی سیاسیە لە دوای هاتنە کایەیی زۆنی ئارامی کوردستان و دامەزراندنی پەرلەمانی کورداستان و دەسەڵاتی خۆماڵی کورد سەری هەڵداوە و تەنها لە دژی جولانەوەی سیاسی کورد ، لە لایەن تورکە ڕەگەزپەرستەکان و عەرەبە شۆڤێنیستەکان و ئەو دەولەتانە بە کار دێت کە کورستانیان بە سەردا دابەش کراوە .
ڕۆژنامەی Ektrabladet ڕۆژی 2003\3\26 ڕاپۆرتە هەواڵێکی بڵاو کردەوە دەربارەی هەڵهاتنی نەزار خەزرەجی لە دانمارك ، کە زانیارییەکانی لە کەناڵی4 تەلەفزیۆنی لەندەن وەرگرتبوو ، بە پێی ئەو ڕاپۆرتە هەواڵە ، نەزار خەزرەجی و چەند ئەفسەرێکی تر لە هەفتەیی ڕابردوو گەشتوونەتە قەتەر ، وە دەبوایا خەزرەجی و پێرەکەی سەرکەوتن بۆ ئەمریکییەکان بە دەست بهێنن ، بەوەی پەیوەندی بە ئەفسەرەکانی ناو سوپای سەدامەوە بکەن ، بە مەبەستی ئەوەی خۆیان بە دەستەوە بدەن و بەرگری لە بەرانبەر سوپای ئەمریکا و هاوپەیمانان نەکەن ، بە پێی هەواڵەکەی کەناڵی4 تەلەفزیۆنی لەندەن هەر بە خێرایی بۆ جەنەڕاڵی ئەمریکی Tommy R. Franks ، فەرماندەی هێزی هاوپەیمانان بۆ ڕزگارکردنی عێراق دەرکەوت ، کە ژەنەڕاڵ نەزار خەزرەجی زیانی زۆرترە لە قازانجی .
(هەڵەی گەورەیی CIA) ، گفتوگۆی خۆبەدەستەوەدان لە گەڵ جەنەڕاڵەکانی سەدام شکستی هێنا ، کاتێك ئەفسەرەکانی ناو سوپای عێراق زانیان نەزار خەزرەجی (وەسیتیانە) لە گەڵ ئەمریکا و هێزەکانی هاوپەیمانان ، چونکە خەزرەجی کەسێکە خوێن لە پەنجەکانی دەتکێنەوە و جێگای متمانەیان نییە ، بە پێی ووتەی نهێنی و ناوخۆی ژەنەڕاڵەکانی ئەمریکا ، وەك لە کەناڵی 4 لەندەن هاتووە ، بەکارهێنانی ژەنەڕاڵی ژەهراوی (نەزار خەزرەجی) هەوڵێکی سەرنەکەوتوو و هەڵەیەکی گەورەیی CIA بووە .
دوای ئەو شکستەی خەزرەجی لە بواری پەیوەندی کردن لە گەڵ ئەفسەرەکانی ناو سوپای عێراق ، بە سەر ئەمریکییەکانی هێنا ، جەنەڕاڵ Tommy R. Franks فەرمانی دەرکردووە بە زوویی ، تا دەکرێت خەزرەجی لێ دوربخەنەوە ، هەر بۆیە بەرەوو کوردستانی عێراق بە ڕێ خراوە .
بە پێی لێدوانی کەمال کوبەیسی بۆ ڕۆژنامەی Ektrabladet کە لەندەن دەژیت و ڕۆژنامەنوسە لە ڕۆژنامەی(الشرق الاوسط) ، ڕۆژی دووشەممە 2003\3\24 خەزرەجی ، بەرزانی ، تاڵەبانی ، نانی نیوەڕۆیان بەیەکەوە خواردووە لە نزیك هەولێر .

- تێبینی :- سەرچاوەی دەقی ئەو زانیارییانەی لەم بابەتەدا هاتووە (ڕۆژنامەی Jyllands-Posten ، ڕۆژی 23-3-2003 + ڕۆژنامەی Ekstrabladet ، ڕۆژی 26-3-2003 )